**یاسا چی ئەڵێت سەبارەت بە.....**

# خەتەنەی ژنان

## یان

# Female Genital Mutilation

## لە نیوساوس وێلز NSW


NSW Education Program on FGM
Locked Bag 7118
**PARRAMATTA CBD NSW 2124**

Phone: 02 98403877

**www.wslhd.health.nsw.gov.au/NSW-Education-Program-on-Female-Genital-Mutilation--FGM-**


**خەتەنەی مێینە**

**Female Genital Mutilation**

---

**خەتەنەی مێینە**
**یان**

**Female Genital Mutilation**
**لە**
**نیو ساوث وێلز NSW**

**دژی یاسایە**

ئەم نامیلکەیە سەبارەت بە یاسای خەتەنەی مێینەیە یان
Female Genital Mutilation (FGM)
لە نیو ساوس وێلزە NSW

زۆر لە خەڵکان بە
Female Genital Mutilation

ئەڵێن خەتەنەی ژنان

"Female Genital Mutilation"
و
خەتەنەی ژنان
یەک شتن

NSW Education Program on FGM

**Funded by NSW Health**

**ئەگەر کەسێک خەتەنە کرا کێ ئەبێت خەبەر بدات بە کاربەدەستان و ڕاپۆرتیان لێ بدات؟**

یاسا دەڵێت کە پزیشک ئەبێت خەتەنە یان FGM ڕاپۆرت بکات بۆ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی تەندروستی ئەگەر کچێکی ژێر ١٦ ساڵ خەتەنە کرابوو.

لە NSW دا خەتەنەی مێینە یان FGM وەک ئازاردانی منداڵان پێناسە کراوە. یاسای ١٩٩٨ی ئاگاداری کردن و پارێزگاری لە منداڵان و گەنجەکان، کۆمەڵێکی جوراوجۆر لە خەڵکان کە بە هۆی کارەکەیانەوە لەگەڵ منداڵان کار ئەکەن، ئەخاتە ژێر بەرپرسیارەتیەوە کە " نیگەرانییە هەنووکەییەکان و بەگومان بوونە هۆدارەکان کە "مەترسی زیان گەیاندن" ی لە پیوەندی بە منداڵانەوە هەیە ڕاپۆرت بکەن بە NSW Department of Community Services ( هەر کەسێکی خوار ١٦ ساڵ پێی دەڵێن منداڵ). ئەو کەسانە ئەرکە لە سەر شانیان کە ڕاپۆرت بدەن ، وەک ماموستا، ئەو کەسانەی لە بەشی تەندروستی دا کار دەکەن، ئەو کەسانەی کە لە باخچەی منداڵان کار ئەکەن، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ کەم ئەندامان کار ئەکەن یان پۆلیس.

Kurdish

**یاسای خەتەنەی ژنان یان FGM لە نیو ساوس ویلز NSW- وەڵامی هەندێ پرسیار**

## یاسا چی ئەڵێت سەبارەت بە خەتەنەی ژنان یان FGM؟

**برگەی ٤٥ی یاسای تاوانەکانی NSW دەڵێت کە FGM ڕێگە پێنەدراوە و یاساخە. کەسێک ناتوانێت یان یاساخە:**

- "هیچ بەشێک یان هەموو بەشەکانی، لێوەکانی قوز (کوز) یان میتکەی کەسێکی تر لابرێت، تەقەڵی لێ بدەیت یان بچووکی بکاتەوە"؛ یان
- "یارمەتی دان، ئامۆژگاری کردن یان کەسێک بدۆزێتەوە کە ئەو کارانە بۆ کەسێکی تر بکرێت".

**بە واتایێکی تر ئەمە دژی یاسایە کە:**

- ژنێک، کچێک یان منداڵێکی ساوای مێینە خەتەنە بکەیت
- هیچ بەشێکی کۆئەندامی زاوزێی مێینەیەک لابەریت یان ببڕیت (Excision)؛ یان
- کۆئەندامی زاوزێی مێینەیەک تەقەڵ لێبدەیت (infinbulation) ؛ یان
- هەمووی میتکە یان بەشێکی میتکە ببڕیت؛ یان
- لە هەر ڕێگەیێکەوە کۆئەندامی زاوزێی مێینەیەک تێک بشەوێنیت

**کاتێک یاسا دەڵێت کەس ناتوانێت "یارمەتی دان، ئامۆژگاری کردن یان کەس دۆزینەوە" بکات بۆ ئەوەی کەسێکی تر خەتەنە بکرێت، ئەمە بەم واتایە کە دژی یاسایشە کە:**

- یارمەتی کەسێکی تر بدەیت کە ئەم کارانە بکات یان
- کەسێکی تر ببێنیت کە ئەم کارانە بکات

ئامانجی ئەم یاسا ئەوەیە کە بەر بە شێوەیێکی تایبەت لەم کارە بگیرێت. بەڵام خۆ هێشتا جۆرەکانی تری بریندار کردنی کۆئەندامی زاووزێی مێینە، ئەتوانێت بە پێی یاسای تاوانەکانی NSW وەک هێرش کردن و بریندار کردن لێک بدرێتەوە.

### چی ڕوو ئەدات ئەگەر کەسێک یاسا پێشێل بکات؟

کەسێک کە FGM بکات یان مێینە خەتەنە ئەکات ئەتوانێت ڕووبەڕووی ٢١ ساڵ زیندان ببێتەوە. سزاکە بۆ ئەو کەسەی یارمەتی کەسێکی تر ئەدات، یان کەسێکی تر دێنێت کە کاری FGM بکات، هەر هەمان سزایە.

### ئایا هیچ کار و پرۆسەیێکی نەشتەرگەری هەیە کە ڕێگەی پێ درابێت؟

بەڵێ. یاسا ڕێگە ئەدات بە نەشتەرگەرییەک کە:

- بۆ تەندروستی کەسێک پێویست بێت و دوکتۆرێک نەشتەرگەرییەکە بکات؛ یان
- لە کاتی منداڵبوون دا لە باری پزیشکی یەوە پێویست بێت و دوکتۆرێک یان خوێندکارێکی پزیشکی نەشتەرگەرییەکە بکات؛ یان
- لە بەر گۆڕینی باری ڕەگەزیی کەسەکە بێت و دوکتۆرێک نەشتەرگەرییەکە بکات (گۆڕینی باری ڕەگەزیی، پرۆسەیەکە کە دوکتۆرێک بە نەشتەرگەری پیاوێک ئەکات بە ژن یان ژنێک ئەکات بە پیاو).

یاسا دەڵێت تەنیا ئەو شتانەی کە پێوەندییان بە "تاسودەیی پزیشکی" کەسێکەوە هەیە ئەتوانێت لە بەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت کە ئایا ئەم نەشتەرگەرییە پێویستە بۆ تەندروستی ئەم کەسە یان نا.

### ئایا ئەتوانین FGM یان مێینە خەتەنە بکەین لە بەر هۆکاری کەلتووری؟

نا. تەنیا نەشتەرگەرییەک ڕێگە پێدراوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

### ئایا ئەتوانین FGM یان مێینە خەتەنە بکەین ئەگەر کچەکە یان ژنەکە خۆیان ڕێکەیان دا ئەو کارە بکەن؟

نا. خەتەنەکردنی ژنان دژی یاسایە تەنانەت ئەگەر ژنەکە یان کچەکەش خۆیان بیانەوێت.

### ئایا ئەتوانین بچین بۆ وڵاتێکی تر یان بەشێکی تر لە ئوستڕالیا ئەم کارە بکەین؟

نا. ئەگەر ژنەکە، کچەکە یان ئەو منداڵە مێینە بە ئاسایی لە NSW دەژین، ئیتر ئەوە دژی یاسایە کە خەتەنە بکرێن چ لە وڵاتێکی تر یان لە بەشێکی تری ئوستڕالیا.

### ئایا ئەتوانین کە لە دوای منداڵ بوون یان شێوەیێکی تری نەشتەرگەری ژنانە ، ئەو ژنە بدوورینەوە (re-infinbulation) ؟

تەنیا دوکتور ئەتوانێت ژنێک یان کچێک بدوورێتەوە ئەگەر ئەو دوکتورە بڕیار بدات کە ئەم کارە بۆ تەندروستی ژنەکە پێویستە. یان دوکتۆرێک، مامانێک یان خوێندکارێکی پزیشکی ئەتوانێت ژنێک یان کچێک بدوورێتەوە ئەگەر ئەوان بڕیار بدەن کە ئەم نەشتەرگەرییە پێوەندی بە منداڵبوونی ئەو ژنە یان کچەوە هەیە.